# بۆ ئەوەی بەشێوازێکی ئاسودە بژین

# چۆن خۆمان دەرباز کەین لە قۆرخبوون

عەبدوڵلا ئەحمەد گەرمکی

بێ گومان سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ئەگەر بە حەز بێت هەمووان حەز دەکەین بە شێوازێکی ئاسودەیی ژیان بگوزەرێنن دوور لە قۆرخبوون و بێزاری بەلآم ئەمەش کالآیەك نیە بتوانین بیکڕین و خۆمانی لێ ڕزگارکەین حەتمەن لێرەدا مرۆڤ ئەبێت بە دوای چارەسەریەکی گونجاودا بگەرێ بۆ کردنەوەی ئەو گرێ کوێرانە کە بونەتە کۆسپ و ئاستەنگی هەم لە پێش فەڵمازێکی نوێ گەر ئینسان ویستی کارێکی وا بکات وە هەمیسان بۆ چۆنێتی و چەندایەتی لە و گێژاوەی کە ئەو رۆکە گەلان بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەت بەرپای بوە .گەر ئێمە بگەرێنەوە بۆ مێژوش لەسەرەتای دروستبونی ژیان کە سەردەمی (نێولۆتیك)ی پێ دەڵێن ئەبێت خوێندنەوەیەکی تەواویشمان هەبێت لە سەر ئەوە دواتر سەرجەم قۆناخەکانی ژیان هەر لە سەردەمی کۆیلایەتی و دەرەبگایەتی و تا دەگاتە سەردەمی پیشەسازیی و ئێستاش چەرخی شارستانیەتی دیموکراتیە .ئاخۆ سەرجەم ئەو قۆناخانەی کە مرۆڤەکانی پێش ئێمە ژیاون چ شێوە ژیانیەکیان بردوەتە سەر وە بۆ ئەزموون وەرگرتنیش پێویستە .ئێمە بابەتەکەشمان لە سەر قۆرخبونە و چۆن خۆمانی لێ دەرباز کەین لە چڤاکی کوردەواری خۆشماندا دوو توێژ کە پتر توشی ئەو نەخۆشیە بونە توێژی لاوان و ژنانە بەتایبەت ژنان ئێمە بە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی فیۆداڵ و ئیسلام گەرایدان حەتمەن ئەو بیرۆکە کۆنانەش گەلێ ڕێگرە بۆ کرانەوە و هێنانی هزرو بیرۆکەی نوێ بۆ خزمەت کردن بەخود و ئینجا دەوروبەر .ئەمەو لەکاتێکدا ژنان لە سەردەمی خوداوەندە ژنەکاندا دەستێکی بالآیان هەبوو و خولقکاریش بون بۆنمونە هەر ئەوان بوون کشتو کاڵ و کۆمەڵی شتیی دیکە بدۆزنەوە لەو سەردەمەدا خوداوەندە ژنەکان وەك عەشتار و ڤێنوس و ..تاد ئەوان ڕابەرایەتیان دەکرد و چونکە پیاو دەیبینی ژن خولقکارە ئەتوانێ منداڵێکی دیکە بقوڵقێنی هەر بۆیە ئەو دەمە پیاو بە ئەندازەیەکی زۆر لە ژنان دەترسا کاریگەری ئەمەش ماوە تا رۆژگاری ئەمرۆمان بەلآم بە شێوازێکی تر لە ولآتی هندستان بە زەقی دەبینرێت تا ئێستا مانگا دەپەرسن و لێشی دەترسن دەڵێن چونکە ئەتوانی مانگایەکی دیکە بهێنێتە دونیاوە .یانی چاو لێکە پێش چەند سەدەیەك ژن توانیویەتی ئەو رۆڵە بگێری و بە شێوازیکی بەرز پیرۆز و پیاوان سەیریانیان دەکرد بەلآم ژن بە حوکمی ئەوەی لە رۆی جەسەدیەوەی هەندێ لاوازە ئیدی پیاو هەر لە و دەمەوە توانیانە ئەو هەلە بقوزنەوە بۆ خۆیان تا رۆژگاری ئەمرۆشمان دەسەلآت بە دەستی پیاوانەو بە سەردەمی دایك سالاری دیتە ناساندن .ئەبینین کۆمەڵێ درشم لە رۆژگاری ئەمرۆشماندا بەسەر ژنان گوتراوە یە کێك لەو درشمانە کە بەردەوام بوەتە بنیشتە خۆشەی سەرزارمان ئەوەیە .ژنان نیوەی

كۆمەڵن بەلاَم بێ بەختترین مرۆڤ ژنانە بە پلە دوو سەیر دەكرێن پیاو ڕێگریانە بۆ زۆر شت .هەرئەمەشە وای لێ دەكات فۆرخبێت لە ژیان من لە زاری چەندین ئافرەتەوە بیستومە دەڵێن خۆزگایە مردنیش وەك كالاَیەك بمانكڕیایە بۆ خۆ دەباز كردن لەم ژیانە چونكە پڕ لە سانسۆر و میحنەت .هەر ئەمەش وای لە ژنان كردوە كە ئەورۆكە دەبینیت رۆژ نیە لە شاروشارۆچكەكانی كوردستاندا ژنان خۆیان نەسوتێنن یان نەكوژرێن گەر واش بروات ئەو ڕێژە زۆرەش رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندایە .

تۆێژەكەی دیكەش كە لە دوای ژن زیاتر توشی ئو نەخۆشیە بونە لاوانە كە بە هێزی دینامیكی كۆمەڵگا ناوزەد دەكرێن چونكە هێزو وزەیەكی زۆریان تیدا بەدی دەكرێت بۆ بەرەو پێشبردن لە هەموو روەكانەوە سەلماندویانە كە ئەو وزەیەیانە تێدا هەیە و بۆنمونە زۆربەی شۆڕشەكانی گەلەكەمان گەنج وەك جەنگاوەرێك رۆڵی هەرە باشی گێراوە بەلاَم ئیستا تا ڕادەیەك بێ رۆڵكراون چونكە ئەو سروشتەی كە ئێمە تیدا ژیان دەكەین وا دەزانرێت تەنیا پیاوە ریش سپێكان ئەتوانن ببنە ڕابەرمان و سیاسەتمان بۆ بكەن نا بەڵكو لە ولاَتانی جیهان گەنج لە خودی دەسەلاَتیشدا گۆرانكاری دروست دەكات بە برۆژەلە بن نەهاتۆكانیان .بەلاَم مەخابن ئەم نیشتمانەی ئێمە بە هۆی چەندین هۆكاری سەرەكیەوە بوتە هۆی بێزاربونێكی زۆر تا ئەو ڕادەیەی گەلێك جاربینیومانە گەنجانمان تۆشی نەخۆشی دەرونیش بونە یان ئیدی تەحەمولی ئەو هەموو یاخیبونە ناكات كۆچدەكەن بەرەو هەندەران كە سالاَنێك زۆر باو بو ئێستاش ئو دیادەیە بە شێوازێكی زەق دەبینرێت لە سەرجەم شارو شارۆچكەكانی كوردستان .بەهەر حالَ لاو گەلێك لە بێ هیوای و نەهامەتیدان حەتمەن لێرەدا دەسەلاَت بە پلەی یەكەم بەرپرسیارە چونكە نەیتوانیوە تا هەنوكە ڕێگە چارەیەكی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە .بەلاَم لە كاتێكدا هیچ چارەیەك نەما ئیدی نەهامەتی و بێزاری و دەردەسەری بوونیان دەبێت. یانی لێرەدا لە ناو سەرچەم چین و توێژەكان ئەو دیاردەیە بەدی دەكرێت بەلاَم بەتایبەت لە ناو ئەو دوو توێژە كە لە توانایاندا هەیە گۆرانكاری بنەڕەتی بە ئەنجام بگەیەنن مەخابن رەوشەكەیان ئێستا وایە .جا بۆ ئەوەی بە شێوازێكی ئاسودە بژین و خۆمان لە و فۆرخبون و یاخیبونە ڕزگار كەین ئەبێت بە جدی لە سەری ڕابوەستین و خەباتی لە سەر كەین هەر ئەو دوو توێژە ئاكتیفانە خۆیان ئەبێت تێبكۆشن بۆ هەوەی هەر هیچ نەبێت هەندێك لەو دیاردانە خۆیان دەباز كەن چونكە گەر بەردەوام لەناو ئەو ژیانە گێژاوەدابیت بێشك شتێكی ئەو تۆت پێ ناكرێ نابیتە سود بەخش نە بۆ خودی خۆت نەش بۆ ئەو گۆمەڵگایەی كە پتر لە گۆمەڵگاكانی دیكە پێویستی بە كەسانی لێهات و شارەزا هەیە .لە كۆتایشدا بانگەوازی من ئەوەیە رۆی قسەكانیشم لەو دوو توێژە دەكەم دیسان كە زیاتر هەوڵدەن و بیرۆكەی دۆگما و تۆتالیتاریزم بشكێنن بۆ كرانەوە بەرەو دونیایەكی پڕ لە زانست و زانیاری......

ئەندامی مەكتەبی بەڕێوەبەرایەتی

ڕێكخراوی خوێندكارانی كرانەوەی دیموكراتی